كتێبخانەی زانكۆ دوورپات

# پێوەندی سۆڤێت بەمەسەلەی كوردەوە

د.كمال علی محمد
زانكۆی سلێمانی / كۆلیجی زانستە مرۆڤایەتیەكان / بەشی مێژوو

ئەم نووسینە بریتی‌یە لە كورتەیەكی ئەو سەر دێرەی سەرەوە لەسەردەمی دەسەلاتداریتی بەلشەڤیكەكاندا بەسەركردەیەتی لێنین .

بەر لەتەواوبوونی شەڕی جیهانی یەكەم كورد هیوایەكی بەبەردا هاتەوە كە لەژێر دەستەیەتی چەند سەد ساڵەی دەسەلاتی ووسمانیەكان ئازاد بێت .

پەیمانی سایكس - پیكۆ - سازەنەف هۆكارێك بوو لەپارچە كردنی دەوڵەتی ووسمانی ،و ئازادكردنی گەلە ناتوركەكاندا .بەلام ئومێدی دواڕۆژێكی ئازادانەی بەختەوەرانە بۆ كورد بەڕوودانی شۆڕشی بەلشەڤیكەكان لەدەست درا .

پێوەندی حكومەتی سۆڤێتی بەگەلە ژێردەستەكانی نێوچەی رۆژهەلاتەوە و پاڵپشتی كردنیان لەبەدەست هێنانی مافەكانیاندا هاوئاهەنگ نەبوو لەگەڵ پرینسیپە نێو نەتەوەییەكانیاندا كە هەر خۆیان داكۆكیان لێ دەكرد ، بەڵكە پێچەوانەكەی بەراست گەڕا كە هاوكاری كردن بوو لەگەڵ ڕژێمە بۆرژواكاندا . لەم نووسینەدا زێتر هەڵوێستی سیاسی‌یانەی حكومەتی لێنین بەرامبەر بەكورد لەو پێوەندیانەدا دەخرێنە بەردەست كەلە چوارچێوەی هاوكاری كردن و مۆركردنی پەیمانەكانیاندا لەگەڵ حكومەتی مستەفا كەمال دا بەئەنجام دراون .

# پێوەندی سۆڤێت بە مەسەلەی کوردەوە

شەڕی وولاتانی هاوپەیمان دژ بەتورك ، وبەرنامەی ئەو وولاتانە لەپارچەکردنی دەوڵەتی ووسمانیدا هێزو تەوژمێکی نوێی دا بە کورد کەلەژێر دەستەیی چەند سەد ساڵەیان هیوایەکیان بەبەردا بێتەوە . بەلام راستی‌یەکەی رزگاری و سەربەخۆیی کوردستان نەکەوتبووە بەرنامەی هیچ یەکێك لەو دەوڵەتە هاوپەیمانانەوە

لەسەردەمی شەڕی جیهانی یەکەمدا کوردستان ببوە مەیدانی سوپای وولاتانی تورکیا و رووسیا و ئینگلترە . هەر سێ ئەو دەوڵەتەو ئەڵمانەکانیش بەهاوپەیمانێتی یان لەگەڵ تورکەکاندا هەڵپەی ئەوەیان بوو کە هێزی کورد بکەنە دۆستی خۆیان تا ئەو کاتەی پێویستی‌یان پێی دەبێت . هەرچەندە ژێن تورکەکان و نوێنەرەکانی ئەڵمانیا لە تورکیا توانیان بەشێك لەو هێزانەی کورد بکەنە هاوپەیمانی خۆیان و لەهەمان کاتیشدا تەقەلاکانی ئینگلیز لەوبارەوە هەر بەردەوام بوو، بەلام لە گەڵ ئەمەشدا زۆربایەتی جەماوەری کورد رووسیایان بەدۆستی خۆیان هەڵبژارد .

شایانی باسە کە بەرلەم سەردەمەش ژمارەیەکی زۆر بەڵگە لەبەردەستدان ، هەر لەشۆرشەکانی سەدەی نۆزدەیەمی کوردەوە تا یەکەم دامەزراندنی کۆمەڵەی پێشکەوتن و تەرەقی لە ١٩٠٨ دا و دوواتریش تا بزووتنەوەی کەمالی‌یەکان لەچۆنێتی پێوەندیەکانی سەرکردەو سەردارانی کلاسیکی کورد بەرووسیاوەو و هەوڵدان و تێکۆشانیان لە مسۆگەرکردنی دۆستایەتی و پێوەندی‌یەکی هاوکارانەدا لەگەڵ رووسیای قەیسەریدا کەبەرژەوەندیەکانی هەردوو لا دژ بەتورکەکانی ووسمانی تێبخویندرێتەوە و بە ئەنجام بدرێ ، بەلام مەخابن تەقەلاکانی کورد لەو بوارەوە بێ ئومێد بوون .

پاش رێککەوتننامەی ((مودروس ٣٠-١٠-١٩١٨)) ، و لەسەرەتای نۆڤەمبەری ئەو ساڵەدا کە سوپاکانی ئینگلیز موسڵ و سەرجەمی ویلایەتی موسڵی گرت، کەبەو پێیە هەموو باشووری کوردستان کەوتە بن کەنترۆڵی ئینگلیزەوە، ئیدی لەو دەمەوە مەسەلەی کورد چ لەم بەشەو چ لە هەموو نێوچەکانی دیکەی کوردستاندا پێی نایە قۆناغێکی نوێوە ، قۆناغێك کە وەك سەرەتا خۆی لەدوو تەوەرەدا دەدیتەوە : یەکەمیان : رێکەوتننامەی سایکس-پیکۆ - سازەنەڤ بوو (١-٩-١٩١٦) کە زۆربایەتی باکووری ئەورۆی کوردستان بەپێی ئەو دابەش کردنە بەر تەزارەکانی رووس دەکەوت ، کە ئەم دابەش کردنە تا ئەو دەمە لەبەرژەوەندی کورد بوو . دووەمیان: شۆرشی (١٩١٧) ی بەلشەڤیکەکان بوو بەسەرکردەیەتی لێنین ، کەلەم بارودۆخ و رووداوانەدا بەتەنیا کورد زیانی پێکەیشت .

پێم باشە بۆ پتر چوونە نێو ئەو باسەوە بەچەند خاڵێك ئەو زیان پێکەیشتنە دەستنیشان بکەم :

١) رووسیای قەیسەری وەك هەر وولاتێکی دیکەی ئەورووپای هاوپەیمان بەرژەوەندی لەدەست بەسەردا گرتنی بەشێکی دەوڵەتی ووسمانیدا هەبوو . لەرێکەوتننامەی سایکس-پیکۆ-سازەنەڤدا[1] ئەو بەرژەوەندیانەی رووسیا تیا خوێندرابوونەوە . لە هەلومەرجی بەئەنجامدانی ئەو رێککەوتننامەیەدا ، گومان لەوەدا نەبوو کە وەك کۆمارەکانی خوارووی قەفقاس (ئەرمینیا،جۆرجیاو،ئازربایجان) یاخود کۆمارەکانی ئاسیای نێوەراست بەشێك لەکوردستان و

گەلەکەی دەبوونە خاوەن کیانێکی سیاسی کە دواتر لە رووداوێکی دیکەی نێو نەتەوەیی دا دەکرا نێوچەکانی دیکەی کوردستان جووتباقە بکرێنەوە بەو کۆمارەوە . بەلام بەروودانی شۆرشی بەلشەفیکەکان ئەو دەرفەتە لە دەست درا . هەرچەندە بەپێی سیاسەتی تازە دامەزراوی سۆڤێتی و تێزەکانی لێنین دەبوایا هەموو گەلانی ژێر دەستەی بێ دەولەت بەمافی رەوای خۆیان بگەن . بەلام نووسینەکانی سەرکاغەز بەراست نەگەران .

٢)بەرپابوونی بزووتنەوەی چەکدارانەی موستەفا کەمال (ئەتاتورك) دژ بەوولاتانی سوێند خوار . ئەم بزووتنەوەیە نەك هەر بەکشانەوەی رووسیا لە رێکەوتننامەی ١٩١٦دا دەرفەتی دەست کەوت ، بەلکە بەرنامەی رووسیا لە پارچەکردنی دەولەتی ووسمانی یەوە گۆردرا بە پشتیوانی کردن لە یەکپارچەیی ئەو دەولەتە ، ودووژمنایەتی کردنی هاوکارەکانی دوێنێی و لە هەمان کاتیشدا یارمەتیدانی بزووتنەوەی ئاتەتورك لە دامەزراندنی کیانێکی ناسیۆنالانەدا بۆ تورکەکان.

٣)کات وسەردەمەکە لە بەرژەوەندی کورد نەبوون.راستی‌یەکەی بەر لە دامەزراندنی دەولەتێکی ناسیۆنالی تورکی(١٩٢٣) دەبوو دەولەتێکی سەربەخۆی کوردستانی دابمەزرابا. چونکە لەلایەکەوە کوردستان زێتر بۆ هاوپەیمانان چێترو لەبار تروو لە بەرژەوەندی‌یان بوو کە ببێتە شوورەیەك لە جیاکردنەوەی قەفقاس لە نێوچەکانی ژێر دەسەلاتی خۆیان لە دەولەتی ووسمانیدا ، کە هۆیەکی سەرەکی رێککەوتتننامەی ئاشتی پاریس(١٩٢٠) هەر بۆ ئەو مەبەستە بوو . بەلام مەخابن پەرەسەندنی بزووتنەوەی مستەفا کەمال بە پشتیوانی کردنی بەلشەفیکەکان ،وشکانی سوپای وێنان لە ئیزمیرو ئالۆ وگۆری سیاسی نێوخۆی وێنان و بریاری وەستانی شەر لەگەل تورکەکاندا ،وناکۆکی نێوان هاوپەیمانان ، ودژایەتی کردنی رێککەوتننامەی سیڤەر لەلایەن حکومەتی لێنینەوە و لەلایەکی دی هاوکاری کردنی ئەتاتورك لەلایەن زۆربەی سەرکردەکانی کوردەوە ، وئەوجا رێککەوتنێکی چارەسەریانەی کێشەی موسل لە نێوان ئینگلترەو تورکیای کەمالیدا ، ئەمانە هەمووی بەبەرژەوەندی و سەرکەوتنی بزووتنەوی کەمال ئەتاتورك کۆتایی‌یان پێهات .

بۆ ئەوەی بتوانین پێوەندی‌یەکانی سۆڤێتی لە سەردەمی لێنین دا بەرامبەر بە مەسەلەی کورد روون بکەینەوە ،دەبێ لە چۆنێتی سیاسەتی حکومەتی بەلشەفیکەکانەوە بەرامبەر بە وولاتەکانی دراوسێی کە کوردیان تێدا دەژی ، بەتایبەتی بەرامبەر کەمالستیەکان تێبگەین وبخەینە بەردەست .

بەپێی بنەماکانی بیری کۆمۆنیزم ، وەك حکومەتی بەلشەفیکەکان بانگاشەیان بۆ دەکرد ، دەبوو دۆستێکی پتەوی بەرەی میللەتانی زۆرلێکراوو ژێر دەستە و دژ بە بەرەی داگیرکەران و چەوسێنەران بوونایا ، بەلام مەخابن سیاسەتی هەلگرانی ئەم بیرە هەر لە سەرەتاوە لەسەر ئەو بنەمایانە دامەزرابوو کە هاوکاری لەگەل ئەو دەولەتانەدا بکەن کە لە تەقەلای نەهێشتن و دارمانی سیستێمی پاشایەتیدا بوون لە پێناوی هێنانە سەرکایەی دەسەلاتێکی گەلیر یاخود کۆماری . شایانی باسە کە بەکردەوە لە رووی مادیو مانایی‌یەوە کۆمەکیان پێشکێش کردوون ، جا شێوەی دەسەلاتی سیاسی کۆماری نوێ دیموکرات بوبێت یا بۆرژوا بۆ ئەوان چ بایەخێکی لە پێوەندی‌یەکانی نێوان خۆیان و ئەو دەولەتانەدا لەق نەکردەوە ، بەلکە وەك هەر دەولەتێکی ((ئیمپریالسستانە))ی دیکە ئەوە گرنگ بووە کەجێ

پی‌ی دەسەلاتی خۆیان لە جیهاندا بچەسسپێنن ، بە تایبەتی لە ڕۆژەلاتی نزدیك و نێوەراستدا کە بۆ هەموولایەکیان بایەخێکی ئابووری وستراتیژی هەبووە[٢] .

لەبەر ئەوە سیاسەتی هاوکارانەو هاوپەیمانانەی سۆڤێت لەگەلْ رژێمە بۆرژواو گەلێك جاریش ئۆتۆریتێرە تۆتالیتارەکاندا و پەرە پێدانی پێوەندی‌یەکانی نێوانیان لە سەر حسێبی بزوتنەوەی ئازادیخوازانەی گەلانی راپەڕێوی ژێر دەستەو تەنانەت پارتە کۆمۆنیست و چەپەکانی سەربەخۆشیان بووە[٣] لەم سیاسەتەیاندا کەماوەی سێ‌چارەکە چەرخێك دەوامی کرد زیانێکی‌گەورەیان بە خۆیان و "پرنیسیپە نێونەتەوەیی"یەکانیان گەیاند، بەلام بە قازانج وسەرکەوتنی رژێمە بۆرژواو تۆتالیتێرەکان .

بۆ سەلماندنی ئەو چەند رستەیەی سەرەوە دووخالْ دەخەمە بەردەست کە هەریەکەیان دژ بەوی دیکەیانە:-

یەکەم:

بزووتنەوەی مستەفا کەمال کە درێژەپێدانی بزووتنەوەی ژۆن تورکەکان بوو لە سەربنەماکانی بیری تۆرانیزم داڕێژرابوو کە تورکیا دەبێت بۆ تورك بێت . سەرچاوەی ئەم بیرو بزوتنەوەیە لە چوارچێوەی سیما و ئیدیۆلۆژیایەکی شۆڤێنستانەی بۆرژووایانەدا شەختەی بەستبوو ، کەسیاسەتی سۆڤێت هاوئاهەنگ بوو لەگەلْ ئەم بزووتنەوەیەو دوواتریش لەگەلْ دەولەتی ناسیۆنالی تورك دا[٤] ،کە هەر بە سەرکردەیەتی ئەتاتورك دامەزرێنرا . یارمەتی مادی‌یانە و مورالانەی سۆڤێت ، ولە هەمان کاتیشدا پێشکێش کردنی چەك و تەقەمەنی سەرکەوتنێکی گەورە بوو بۆ بزووتنەوەی ئەتاتورك و لە دامەزراندنی دەولەتی تورکیاشدا[٥] .کە ئەمەش لەگەلْ تێزەکانی لینین دا دژ بەیەکن ولەو بارەوە لینین خۆی دەبێژێ‌((شێوەکانی حکومەتە بۆرژواکان جۆراوجۆرن ، بەلام نێوەرۆکیان هەریەکە. هەموو ئەو حکومەتانە لە کۆتاییدا هەر بۆرژوای دیکتاتۆرن))[٦] .

بەلام هەر ئەو حکومەتە بۆرژوا دیکتاتۆرەی کەمال ئەتاتورك لەرێی ڕۆژنامەی ((میللی))یەوە رایگەیاند کە ((حکومەتی سۆڤێت یەکەم دۆستی تورکیا و تورکە. رووسیا دەستی یارمەتی بۆ ئەنادۆلْ لە سەردەمێکی یەکجار زەحمەت وئالۆزاویدا درێژکردووە))[٧] .

دووەم:-

بزووتنەوەی کەمال ئەتاتورك کە بە ئاشکرا لە سیاسەتی دەرەوەو نێوخۆییاندا بانگاشەیان بۆ ئاشتی و دراوسێ‌یەتی وبرایەتی گەلان و مافی وەك یەکیان دەکرد بەراست نەگەڕا . لە سیاسەتی نێوخۆییاندا پانتۆرانیزمەکان بیرو هەلوێستیان بەم چەشنە بوو:-

دەستووری تورکیا کە لە ١٩٢٤ دا بریاری لە سەردرابوو هەموو ئومێدێکی دووا ڕۆژانەی لەگەلە ناتورکەکان بڕیبوو زمانی رەسمی بەپێی ئەو دەستوورە تورکی بوو. مافی ئەو گەلە ناتورکانە کە زۆربایەتی تورکیایان پێك دێنا پشتگوێ خرابوو.راستی‌یەکەی تورکە کەمالیستەکان نەك هەر بیریان لە چارەسەرکردنی مەسەلەی کوردو گەلانی دیکەی ئەوێ نەدەکردەوە، بەلکە وەك رەگەز پەرست و شۆڤێنیست هەولی بە تورك کردنی ئەو گەلانەیان دەدا. کەمالیستەکان لازەکانیان لە نیشتمانی ئەسلی خۆیان بە دەردەنان و بەچەشنێکی سیستێماتیکی قەلاچۆی کوردانیان

دەکرد، وئەرمەنەکانیان سەردەبڕی[٨] .

هەربەپێی ئەو دەستوورە ، بێ هیچ قەیدوشەرتێك دەسەلاتی بالاَی تورکیا ببووە ((موڵکی نەتەوە))[٩] واتە موڵکی تورکەکان.بەم چەشنە زۆربایەتی دانیشتووانی تورکیا لە بەکار هێنانی مافەکانیاندا بێبەش کرابوون . تەنانەت لە بەندی(١٢) ی هەمان دەستووردا ئەو هاوولاتیانەی کە زمان و نووسینی تورکیان نەدەزانی بۆیان نەبوو بۆ ئەندامێتی ئەنجومەنی وولات خۆیان بپالێون[١٠] .

شایانی باسە کە تورك وەك گەلێك بە هەموو چین و دەستەو توێژاڵەکانیانەوە پشتگیری‌یان لەو سیاسەتەدەکرد ، وهاوبەش بوون لە ژێر دەستەکردنی کورد وگەلەکانی دیکەدا . ئەم بیرو هەلوێستەی کەمالیستەکان بە ئاشکرا دژ بە پرینسیپە نوێیەکانی سۆڤێت بوون کە داوای مافی یەکسانی وئازادی‌یان بۆ گەلانی‌ژێر دەستە دەکرد ، چونکە لێنین دەیگووت :—

(( لەسە سۆسیالیستەکانی نەتەوە چەوسێنەرەکان پێویستە داوای مافی ئازادی جوودابوونەوەی نەتەوە بن دەستەکان بکەن . دەنا بانگەشەی هاوسانی مافی میللەتان و هاریکاری کرێکاران دەبێتە هەرا و هوریایەکی ساختە، دەبێتە ناپاکی‌یەکی پەتی))[١١] .

بەلاَم راستی‌یەکەی سۆڤێت گەلانی ناتورکی بێدەوڵەتی وەك نەتەوەی سەربەخۆ دانەدەنا ، بەڵکە سەرجەمی ئەو گەلانە و تورکی پێکەوە بەنەتەوەیەك دەدایە قەڵەم. بۆیە لە کۆنگرەی حەوتەمی ئەنجومەنی رووسیا لە ١٩١٩ دا بڕیارێکی سەبارەت بە تورکیا وەك ((نەتەوەیەکی چەوساوە)) وەرگرت ، وئامادەیی هاوکاری و پشتیوانی کردنی بۆ تورکیا دژ بە وولاتانی ئیمپریالیزم پێشان دا))[١٢] .

لە سەردەمی بەلشەڤیکەکانەوە تا کۆتایی هاتن بە سیستێمی کۆمۆنیستانەی سۆڤێتی لە ١٩٩١ دا هیچ بەڵگەو دەکۆمێنتێکمان بەردەست نەکەوتووە کە پێوەندی‌یەکی راستەوخۆ لە نێوان سۆڤێت و کورد دا هەبووبێت یاخود بەرنامەیەکی تایبەتی‌یان نەبووە بەرامبەر چارەسەرکردنی مەسەلەی کورد کە لە چوارچێوەی پرینسیپەکانی خۆیاندا لە سەر کاغەز بانگاشەیان بۆ دەکرد، لەبەر ئەوە پێوەندی‌یەکانی سۆڤێت لەگەڵ کورددا لە چوارچێوەی ئەو دەوڵەتانەدا دەبینین کە کوردستانیان لە نێواندا پارچەکردووە.

چونکە هەر وەك لەسەریشەوە ئاماژەمان بۆ کرد سۆڤێتیش وەك وولاتانی ئەورووپای رۆژئاوا ، بوونی نەتەوەیەکیان لە چوارچێوەی دەوڵەت دا پێناسە دەکرد کە بە لایانەوە مەرجێکی سەرەکی لە پێوەندارێتی نەتەوەدا بریتی‌یە لە ئابووری وبێگومان ئەم ئابووری‌یەش هەر لە رێی دەوڵەتێکەوە دروست دەبێت . بۆیە لەم بارەیەوە ناچار دەبین بۆ زێتر روونکردنەوەی پێوەندی‌یەکانی نێوان کوردوسۆڤێت ئاماژە بۆ سیاسەتی سۆڤێت و پێوەندی‌یەکانی لەگەڵ ئەو دەوڵەتە ناسیۆنالانەدا بکەین ، کە بەر لە دامەزراندنیان(تورکیا لە ١٩٢٣ و ئێرانی رەزاشا لە ١٩٢٥)پێوەندی‌یەکی هاوکارانەی دۆستانە لە نێوان ئەوانەو سۆڤێت دا هەبووە .هەرچەندە لە بانگەوازی (١٩١٧/١١/٢٤)دا بەلشەڤیکەکان داوای مافی سەربەخۆیی‌یان بۆ گشت میللەتانی موسوڵمان دەکرد، کەچی لە هەمان کاتدا دژ بە کەرت بوونی تورکیا وئێران دەوەستان، کەئەمەش تەواو دژ بە بۆ چوونەکانی لێنینە کە دەبێژێ (( ئێمە دەزانین و دەبینین و رۆژانە هەست

دەکەین کە ئینکارکردنی مافی جوودابوونەوە کلاوبازی‌یەکی بێسنوورەوخزمەتی راستینەی شۆڤێنیی‌یەکانی نەتەوە چەوسێنەرەکەیە))[١٣] .

شایانی باسە کە سۆڤێت نە دراوسێ‌یەکی باشی کوردو نە لە سەرکەرەوەی بۆ چوونەکانی خۆشی بوو ، چونکە پاش هەموو دەرفەتێکی نێو دەوڵەتی کە بۆ کورد دەرەخسا سۆڤێت پشتی لە کورد دەکردو مەسەلەکەشی ئاڵۆزتر دەکرد. ئەم هەڵوێست و بۆ چوونەی سۆڤێت نەك هەر لە سەردەمی حکومەتی لێنین دا ، بەڵکە دووای شەڕی جیهانی دوەم و شەڕی کەنداوی دووەمیشدا(١٩٩١) بەدی دەکەین کە لە پێناوی دەستکەوتەکانی خۆیدا زۆرجار سیاسەتی هاوکارانەی لەگەڵ دەوڵەتە ناسیۆنالەکانی دراوسێ‌یدا بەهەڵەی بردووە . هەر بۆ وێنە، حکومەتی ئەتاتورك ، کە بە حکومەتی ئەنقەرە ناسرابوو تا ئەو دەمەش لەلایەن ئەورووپای ڕۆژئاواوە بە رەسمی نە ناسرابوو، بەڵام توانی لە ١٩٢١/٣/١٦ دا لەگەڵ حکومەتی لێنین دا پەیمانێکی هاوڕێیەتی ببەستێ‌و لەلایەن دەوڵەتی سۆڤێتی‌یەوە دانی پێدابنرێ))[١٤] .تەنانەت بەر لەوەش بە ساڵێك (١٩٢٠/١٢/٢٦) . لێنین خۆشحاڵی خۆی دەربڕیوو کە ((بنچینەیەکی هەمیشەیی هەیە بۆ هاوڕێیەتی کە دەتوانێ ببێتە هۆی یەکگرتنی گەلی تورك ورووس))[١٥] .بەڵام سەبارەت بە مافی کورد کەلەلایەن هەشت نوێنەرەوە پێشکێش بە کۆنگرەی گەلانی ڕۆژهەڵات کرا لە باکۆ(١-١٩٢٠/٩/٨)پشتگوێ خراو لەبریتی ئەوە، کۆنگرە بڕیاری دا کە پشتیوانی‌لە بزوتنەوەی ئەتاتورك وحکومەتی ئەنقەرە بکات. [١٦]

نەك هەر ئەوە بەڵکە بەلشەڤیکەکان و کەمالیستەکان مافی رەوای کوردیان دژبە تورك وکەرت کردنی تورکیا دەزانی، بۆیە لە برگەی (٨)ی پەیمانێکی نێوان لینین و ئەتاتورکدا کە لە ١٩٢١/٣/١٦ دا مۆرکرا بەم چەشنە هاتبوو(( هەر دوو وڵاتەکە(مەبەست لە تورکیا و سۆڤیەتە .ك.ع) بانگاشەی هەرگروپێك بۆ دابڕینی بەشێك لەخاکی یەکێك لەو وڵاتانە رەت دەکەنەوە)).[١٧]

هاوپەیمانێتی حکومەتی لێنین لەگەڵ تورکیاو پاراستنی یەکپارچەیی خاکەکەی‌و پشتگوێخستنی مافی گەلە بن دەستەکان لەسەردەمی کۆنگرەی ئاشتی(١٩٢٠)ی پاریسەوە ئاشکراتربوو. لەوکۆنگرەیەدا گەلەژێردەستەکانی تورکیا مافی خۆبەخۆیی‌یان پێ‌رەوابینرا کە بەبۆچوونی لێنین ئەوە خەتەرێك بوو لەهەڵوەشاندنەوەی تورکیا، بۆیە حکومەتەکەی لەئەیلولی ١٩٢٠ دا بیرخەرەوەیەکی دایەبەریتانیا کەلەوێدا هاتبوو((سۆڤێت پشتگیری لەخەباتی میللەتی تورك و هەوڵدانی تورکیا دەکات لەهەڵوەشاندنەوەی پەیمانی سیڤەردا کە سەربەخۆیی و یەکێتی خاکەکەی دەخاتە بەر مەترسی‌یەوە.تورکیا لەوخەباتەی‌دا گشت خەڵکانی روسیای لەپشتە)) [١٨]

پێوەندیەکانی نێوان سۆڤێت و تورکیا کەبەبۆچونی رووسەکان خۆیان بنەماکەی لەلایەن لێنین و مستەفا کەمالەوە لە چوارچێوەیەکی دۆستانەدا دامەزرا)) [١٩] بریتی بوو لە باوەڕهێنانی هەردوو لایان بەو پێوەندیانەو هاوکاری کردنێکی‌توند و تۆڵ و جێ‌کردنی زمانێکی هاوبەشانە لەجێ‌بەجێ‌کردنی سەرجەمی گیر و گرفتەکانی نێوخۆی هەردوو وڵاتدا. تەنانەت حکومەتی لێنین تاماوەیەکی درێژخایەنیش تاکەوڵاتی زلهێز بوو، کە ئیعترافی بە سنووری ناسیۆنالی تورك کردووە[٢٠]

شایانی‌باسە کەپێوەندی‌یەکانی سۆڤێت و مۆرکردنی ژمارەیەك لە پەیماننامەی نێوانیان و حکومەتی ئەنقەرەدا، و

بەرگری گرتن و پاراستنی یەکپارچەیی خاکی تورکیا یەکێك لە هۆسەرەکی و گرنگەکانی رەت کردنەوەی مافی گەلانی ژێردەستە بوو کە لە سیڤەر دا بڕیاری لەسەر درابوو. ئەم هۆکارە بە شێوەیەکی راستەوخۆ و ناراستەوخۆ رەنگدانەوەو کارتێکردنێکی گەورەبوو کەوا لە وولاتانی ئەورووپای هاوپەیمان بکات. جگە لەچەند هۆکارێکی دیکەی نێو خۆی ئەو وولاتانە کە لە تورکیا نزیك ببنەوە،تا لە ١٩٢٠/١٠/١١ دا رێککەوتننامەیەکی ئاشتیانە لەگەڵ کەمال ئەتاتورك دا ببەستن و دوواتریش لە کۆنگرەی لۆزانی(١٩٢٣/٧/٢٤) دا لە بەرنامەکەی خۆیان کە پارچەکردنی تورکیا بوو پەشیمان ببنەوە. چونکە لەوکۆنگرەیەدا مافی کورد و گەلانی دیکەی ناتورك بە ژێردەستەیی مایەوەو سەرکەوتنی گەورەش بۆ بیری تۆرانیزم بوو، کە بەبۆچوونی سۆڤێت ئەو پەیماننامەیە بریتی بوو لە(( پەیماننامەیەکی ئاشتی خوازانەو لەهەمان کاتدا ڕووداوێکی یەکجار گرنگ کە پی لەسەربەخۆیی حکومەتی بۆرژوایانەی نوێی کۆماری تورکیا دادەگرێ،و ئیعترافی پێدەکات ))[٢١]

بۆ ئەوکاتەی کەمال ئەتاتورك لەسەرخستنی بزوتنەوەکەی و پێکەوەنانی دەسەڵاتێکی ناسیۆنالانەی تورکیدا کە لەهەمان کاتتدادژبەپلانی وولاتانی ئەورووپای هاوپەیمان بوەستی و لەنێوخۆی وولاتیشدا درێژە بە سیاسەتی تورانیستانەو ژێردەستەکردنی کورد بدات دەبوو بەرنامەیەکی ژیرانە لە پتەو کردنی دۆستایەتی نێوان خۆیان و حکومەتی لینین دا دابنێت. لەو بارەوە ئەتاتورك پشتیوانی خۆی بۆ سۆڤێت بەم چەشنە دەربڕیبوو:-

(( ئێمە لەگەڵ روسیادا دۆستین .روسیا بەر لەهەموو کەسێکیدیکە ئیعترافی بە مافی نەتەوایەتیمان کردووە و رێزی لێناوین. لەبەر ئەوە چ ئەورۆ و چ سبەینێ و بۆ هەمیشەش روسیا دەتوانێت لەدۆستایەتی لەگەل تورکیادا تەواو دڵنیا بێت ))[٢٢]

ئەم بۆچونەی ئەتاتورك ئەوەندەی دیکە دەسەڵاتدارانی حکومەتی لینینی لەئاست روداوەکانی نێوخۆی تورکیادا بێدەنگ کرد. نەك هەرئەوە،بەڵکە سۆڤێت هێندە بەتەنگ یەکپارچەیی خاکی تورکیاو چەسپاندنی حکومەتی کەمال ئەتاتورکەوەبوو، کە تۆمەتەکانی دژ بە وولاتانی ئەورووپا بەچەشنێك بوو کەگوایە ئەوانە کلپە بە ئاگری کۆنەپەرستانی نێوخۆی تورکیا هەڵدەستێنن.

سۆڤێت پێیوابوو کە بەریتانیاو فەرەنسا بارودۆخەکەی تورکیایان کردووەتە ئامێرێك بۆ رێگرتن لە حکومەتی کەمال ئەتاتورك و بە ئەنجامدانی بەیاننامەی ئاشتیخوازانەی لۆزان ))[٢٣]

بەلام ئەم سیاسەتەی سۆڤێت وەك دواتریش ئاشکرابوو بەڕاست نەگەڕا، و نەیتوانی بیری تورانیزمی حکومەتی بۆرژوای ئەنقەرە بکاتە دراوسێیەکی باش و دۆستێکی هەمیشەیی خۆی .هەروەها تۆرانیەکانیش نەیانتوانی بێ ڕۆژئاوا بەڕێوەبچن . کەمال ئەتاتورك کەخۆی کردبووە دۆستێکی پتەوی لینین بەئاشکرا سیاسەتی دەرەوەی وولاتەکەی بەم چەشنە رادەگەیاند (( بەهیچ جۆرێك نابێت بیر لەوەبکرێتەوە کەئێمە(مەبەست تورکیایە .ك . ع ) دژ بەسەرمایەدارین . وولاتەکەمان فراوانەو هەمیشە پێویستی بە کارو سەرمایەهەیە. ئێمە هەمیشە لەگەڵ سەرمایەداری دەرەوەداین بەمەرجێك ئیعتراف بەیاسای وولاتەکەمان بکات ))[٢٤]

لەمەش بترازێ، دیپلۆماتە تورکەکان بەردەوام رایان دەگەیاند کە ((تورکیا دەیەوێ ببێتە پردێك لەنێوان رۆژهەلات و

ڕۆژئاوادابۆ تورکیاش هیچ شتێك نیە پێی بوترێ ڕۆژهەلآت و ڕۆژئاوا))[٢٥] کەچی لەگەڵ ئەوەشدا سۆڤێت تائەوکاتەش زۆر بەخەستی بەرگری لە داخوازیەکانی تورکیا دەکرد سەبارەت بە کێشەی ویلایەتی موسل و لێدان و سەر پانکردنەوەی بزووتنەوە رزگاری خوازەکانی کورد. هەر لەسالی ١٩٢٥ دا سۆڤێت پالپشتی کردن و یارمەتیدانی خۆی بۆتورکیا لە ناکۆکیەکانیدا لەگەڵ بەریتانیا جەخت کردەوەو سەبارەت بەکوردیش رووسەکان رایانگەیاند کە((دژ بە راپەرینە چەکداریە کۆنە پەرستانەکەی شێخ سەعید وەستاونەوە کە بە پیلانی ئیمپریالیزم دژ بە تورکیا بەرپابووە))[٢٦]

هەر لەهەمان سالدا(١٩٢٥) رێککەوتننامەیەکی نوێ لەنێوان سۆڤێت و تورکیا دا مۆرکرا کەلەوێدا جەخت لەسەر دۆستایەتی هەردوولا کرایەوە . بایەخی ئەورێککەوتننامەیە بۆ سۆڤێت لەوەدابوو کە سنوری هەردوولاپارێزێ لە هێرشی دەرەکی و نێو خۆ بۆ سەر تورکیا ))[٢٧]

راستیەکەی سەرجەمی ئەورێککەوتننامانەی نێوان هەردوو حکومەتی لینین و ئەتاتورك لە دوای شۆڕشی بەلشەفیکەکانەوە سەرچاوەدەگرێ، کە لە ١٩١٧/١٢/١٨ دا لەنێوانیاندا لە ئەرزنجان بەسترا . لەبەندی (١١)ی ئەورێککەوتننامەیە دا دەبێژێ : . هەردوولایان هەموهێزێك بەکاردێنن کە کوردەکان ناچاربکەن سەرجەمی ئەورێککەوتننامەیەجێبەجێبکەن[٢٨].بەپێچەوانەوە هەر دوژمنکاریەك کەلەلایەن کوردەکانەوە بکرێ لەوسنورانەی کەنەخشەیان بۆدانراون،ئەواوەك رێگروچەتە حسێبیان بۆ دەکرێ ))[٢٩]

زێتر سیاسەتی سۆڤێت دژ بە کورد لە شۆڕشی (١٩٢٥)ی شێخ سەعیدی پیراندا خەستتر بووەوە کەلەدوو لاوە تاوانباریدەکرد :

١ ــ وەك راپەرینێکی هەڵچووی کۆنەپەرستانە کەگوایا بە نێوی شەریعەتەوە هەولی گەڕاندنەوەی دەسەلاتی کۆنەپەرستانەی خەلافەت دەدەن .

٢ ـ وەك راپەرینێکی کرێگرتەی سەر بە ئیمپریالیزمی ئینگلیزی کە بە پیلانی ئەمان و ڕۆژئاوا بەڕێوە دەچن))[٣٠]

بەلأم ئەو بۆ چوونەی سۆڤێت لە دوولاوە بە ڕاست نەگەڕا :

١)لە لایەکەوە دەستووری کۆماری تورکیا کەلەلایەن ئەنجومەنی بالأی نەتەوەیی تورکەوە بڕیاری لە سەر درابوو لە ١٩٢٤/٤/٢٠. " دیانەتی رەسمی دەولەتی تورکیا ئیسلامی بوو"[٣١] .

٢)لە لایەکی دیکە نەك هەر ئینگلترەو فەرەنساو ئیتالیا یارمەتی شۆڕشی شێخ سەعیدیان نەدا، بەلکە هەر ئەوانە، وبە تایبەتی فەرەنسیەکان رێگەکانی عێراق وسوریایان لە چەکدارەکانی کورد گرتبوو کە لە کاتی پێویستدا بەرەو ئەو نێوچانە نەپەڕنەوە، ولە هەمان کاتیشدا هەر ئەو دەولەتە " ئیمپریالیزمانە" یارمەتیشیان پێشکەش بە حکومەتی ئەتاتورك کرد دژ بەراپەرینەکەی ١٩٢٥ "[٣٢] .

سۆڤێت کە ئەو تۆمەتانەی بۆ مەبەستێکی سیاسی دەنایە پاڵ شۆڕشی شێخ سەعید، کەچی بە هەموو جۆرێك رووی راستینەی نەتەوەییانەو ئازادیخوازنەی شۆڕشەکەی دەشاردەوە کە بۆ رزگاری و سەربەخۆیی کوردی ژێر دەستەی تۆرانیزمەکان بوو.

وەك دەبینین سیاسەتی ئینتەرناسیۆنالانەی سۆڤێت بەرامبەر بە کوردوبزووتنەوە ئازادیخوازەکانی دووژمنکارانەبوو ،کەچی لە هەمان کاتدا لە ئاست سیاسەتی نێوخۆی کەمالیستەکان کە دژ بە کۆمۆنیستەکانیش بوو خۆی بێدەنگ دەکرد . هەر لە سەردەمی دووژمنایەتی شۆرشی ١٩٢٥ی کوردا ، حکومەتی کەمال ئەتاتورك بە ئاشکرا دووژمنایەتی بزووتنەوەی جوتکاران وکارکەرانی دەکرد ، وتەنانەت سەندیکای ئەو دووڕێکخراوەی لە ئەستەمبولّ دەرکرد ، و لە هەمان کاتیشدا دەزگەی پەخش وبلاّوکردنەوەی پارتی کۆمۆنیستی تورکیایان داخست و ژمارەیەکی زۆریشیان لە ئەندامەکانیان گرتن ، وکۆمۆنیستەکان ناچارمان خەباتی نهێنی بکەن''[٣٣] .

لە ئەنجامی کورتەی ئەم بابەتەدا دەمەوێ جەخت لەسەر ئەوە بکەمەوە، کە لە مێژووی نوێی کوردا بۆ یەکەمجار چارەسەرکردنی مەسەلەی کورد لە چوارچێوەی دەسەلاّتێکی ئۆتۆنۆمیداردا لە کۆنگرەیەکی نێونەتەوەیی‌دا دووای شەڕی جیهانی یەکەم بڕیاری لە سەردرا . بەلاّم لە سەردەمی شۆرشی بەلشەڤیکەکان وحکومەتی تازە دروستبووی ئەو دەمەی سۆڤێتدا بە سەرکردەیەتی لێنین هەولّەکانیان لە سەرخستنی بزووتنەوەی مستەفا کەمال و دامەزراندنی کیانێکی ناسیۆنالانە بۆ تورك ولە هەمان کاتیشدا پشتگوێ خستنی مافی گەلە ناتورکەکان وگەلێك جاریش لە دووژمنایەتی کردنیاندا بەدەر دەرکەوت . بەپێی هەندێك لەو بەلّگانەی کە خستوومانەتە بەردەست ، سۆڤێت هەمیشە بە گومانەوە هەلّوێستی سەبارەت بەسەرجەمی بزووتنەوەکانی کورد وەرگرتووە ، ووەك ئاژاوەیەکی کۆنەپەرستانەو کرێگرتەی سەر بەوولاّتانی ئیمپریالیزمی ئەورووپایی تەماشای کردووە. کەلە راستیدا ئەو بۆ چوونانە هاوئاهەنگ نەبوون لە گەلّ تێزەکانی لێنین دا کە دەبێژێ:'' هەرکەسێك ئەو جۆرە راپەڕینانە بە ئاژاوە نێوبەرێت، ئەوا یاکۆنەپەرستێکی زۆر پیسە،یا خاوەن بیرێکی ووشکی ئەو تۆیە کە توانای تێگەیشتنی شۆڕشی کۆمەلاّنی خەلّکی نیە''[٣٤]. بەلاّم پاش ئەوەی کە تورکیای کەمالیست لە سالّەکانی سی‌دا بەیەکجاری بووە دەستکەلای ڕۆژئاواو دژبە سۆڤێت وەستا، ئەو جا ڕۆژئاوا هەمان رۆلی دووژمنکارانەی پێشووی سۆڤێتی بەرامبەر بە کورد بینی‌و بزووتنەوە کوردستانیەکانی بەوە تاوانبار دەکرد کە لەبەرەی سۆڤێتدان ، ئەمە لە کاتێکدا کە نە پێوەندی‌یەکی هاوکارانە درووست ببوو لە نێوان کوردو سۆڤێتداو نە لە بەرنامەو سیاسەتی مۆسکۆشدا شتێك هەبوو بە نێوی مەسەلەی کوردەوە . بەم جۆرە دەبینین کە پارچەکردنی کوردستان و ژێر دەستەکردنی گەلەکەی لەلایەن چوار دەولّەتی ناسیۆنالەوە هیچ یارمەتیەکی ئینتەرناسیۆنالانە لەلایەن سۆڤێتەوە پێشکێش بە کورد نەکرا وەك خۆیان لەسەر کاغەز دەیانگووت :-

'' هەر میللەتێك بە بڕیاری پاشایەك ، یاخود حکومەتێك بە میللەتێکی‌دیکەوە لکێندرا نەك بەویستی ئازادانەی زۆربەی میللەتەکەی خۆی،ئەوا ئەو میللەتە زۆر لێکراوە، پیّبەندکراوە، دژ وەستانەی ئەوەش ئەوەیە کە هەر میللەتێك مافی ئەوەی بدرێتیّ کە دەولّەتێکی سەربەخۆ بۆ خۆی دابمەزرێنیّ''[٣٥] .

# ژێدەرەکان

١-لە نێوە راستی مانگی مایسی/١٩١٦ دا بە تەواوی ئینگلترەو فەرەنسا رێککەوتن و رووسیاش لە ١٩١٦/٩/١١ دا بەتەواوی قەبووڵی ئەو رێککەوتنەی کرد کە دەوڵەتی ووسمانی دابەش بکرێ .بەو پێیە زۆربەی باکووری کوردستانی ئەورۆ وبەشێك لە نێوچەکانی مەرگەوەرو سەر سنووری ڕۆژەلاتی کوردستان درایە رووسیا .

٢-ئینگلترەو فەرەنسا رووسیا بەرژەوەندیان لە خاکی کوردستاندا هەبوو .هەرسێکیان دەیانویست ئەو نێوچانەی کە لەبن دەستیاندا بوو یا خود بە نیازی گرتنی بوون بیکەنە بنکەیەکی بەهێزی چەسپیوی خۆیان لە ڕۆژەلاتی نێوەراستدا .هەر لەو بارەوە بەرژەوەندیەکانیان لە وەدا یەکی دەگرتەوە کە کوردستان لە نێو خۆیاندا دابەش بکەن .ئەمە لە کاتێکدا کە هێشتا ئەو دەوڵەتانە بە تەواوی ئاگاداری سامانی ژێر زەوی کوردستان نەبوون . لەلایەکی دیکەوە ئەڵمانیا لە بەرنامەیدا بوو گەر بەسەر وولاتە هاوپەیمانەکاندا سەربکەوێ ئەوە سەرجەمی دەوڵەتی ووسمانی وقاجاری بخاتە ژێر دەستی خۆیەوە . شایانی باسە کە یەکەم رێککەوتنی هاوکارانەی نێوان ئەو دەوڵەتانە لە دابەشکردنی هەردوو دەوڵەتی ووسمانی وقاجاریدا کە چارەنووسی کوردستانیشی بەخۆوە دەگرتەوە لە مارتی ١٩١٥ دا دەستی پێکرد. بەلاَم لە کۆبوونەوەکانی نێوان مارك سایکس وجۆرج پیکۆدا کە.کە لە نۆفەمبەری(١٩١٥) ەوە تا شوباتی (١٩١٦)ی خایاند باس لە پارچەکردنی نێوچەعارەبیەکانی ژێر دەسەلاَتی ووسمانی وخاکی کوردونەرمەنیەکان کرا

٣-لە سەردەمی حکومەتی ئەنقەرەدا پارتی کۆمۆنیستی تورکیا کەوتە خەباتی نهێنییەوەو زۆر لە ئەندامەکانی لەلایەن کەمالیستەکانەوە زیندان وتیرۆرکران .لە سەردەمی شەڕی جیهانی دووەمدا پێوەندییەکانی سۆڤێت لەگەل حکومەتی قەوام سەڵتەنەی ئێراندا هێندە خەست بوو کە بڕیاریدا لە پێناوی پتەوکردنی ئەو پێوەندیانەو بە دەستهێنانی مۆڵەتی نەوتی بەشی باکووردا وەك رێکخراوێك خۆی هەڵبوەشێنێتەوە. لە عێراقیشدا لە سەردەمی فەرمانڕەوایەتی عەبدول سەلام عارفدا، خرۆشێف کۆمۆنیستەکانی عێراقی بێدەنگ کرد وئامادەبوون بەوەی کە بچنە نێو یەکێتی سۆسیالیستانەی عارەبییەوە. لە سەردەمی رژێمی بەکر_ سەدام دا پاش وەرگرتنی دوو کورسی وەزیری هەندەرانیان شێڤێردنادزێ بەرەسمی پشتیوانی لە رژێمی بەعس دەکرد و ئەوکارەساتەی بە پرۆپاگاندەیەکی ئیمپریالیزمی ئەمریکی دادەنا

٤-ئا.ف. میوللەر.تورکیا . گیرگرفتی نوێو هەرە نوێی مێژوو.مۆسکۆ /١٩٨٣ .ل ١٤١ بەزمانی رووسی.

٥-گیروگرفتەکانی مێژووی تورکیا ١٩٧٨ ل ١٦٣ بەزمانی رووسی.

٦-رۆژنامەی پراڤدای رۆژی ١٩٦٨/١/١٥ .

٧-ئا.ف.میوللەر . تورکیا-گیروگرفتی نوێ و هەرە نوێ ی مێژوو.

مۆسکۆ/١٩٨٣ . ل ٢٣١ بەزمانی رووسی

٨-ئێ. ئا .گیۆر گیان . کۆماری تورکیا .مۆسکۆ/١٩٧٥ ل٢٩ بەزمانی رووسی .

٩–هەمان سەرچاوە . ل٢٩

١٠–هەمان سەرچاوە ل ٣٠ .

١١–ف.لینین . بزووتنەوەی نیشتمانی ئازادیخوازانەی میللەتانی رۆژهەلات .مۆسکۆ ل١٧٤ بەزمانی عەرەبی .

١٢–ئا.ف.میوللەر. تورکیا–گیروگرفتی نوێو هەرەنوێی مێژوو .مۆسکۆ/١٩٨٣ ل٢٢٢ بەزمانی رووسی

١٣–هەمان سەرچاوە .ل٢٧٥ .

١٤–جەمال نەبەز . بیری نەتەوەیی کوردی نەبیری((قەومیەت)) ی رۆژهەلاتی و نەبیری((ناسیۆنالزم)) ی رۆژئاوایی .ستۆکهۆلم /بنکەی چاپەمەنی ئازاد ٢٥٩٦ک/١٩٨٤ف ل٩٠ .

١٥–جەمال نەبەز . گۆڤاری کۆمۆنیستانەی یەکێتی تێکۆشین (١٩٤٤–١٩٤٥)بلاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی زانست و هونەر ستۆکهۆلم ٢٦٠٠ ک/١٩٨٨ ف ل٨٦ .

١٦–هەمان سەرچاوە . ل٨٧

١٧–کوردۆ علی .سۆڤێت بزووتنەوەی نیشتمانی کورد . سالسزبورک ١٩٧٨ ل٤٠.

١٨–هەمان سەرچاوە . ل٤٤ .

١٩–گیروگرفتەکانی مێژووی تورکیا. مۆسکۆ/١٩٧٨ ل١٦١ بەزمانی رووسی .

٢٠–هەمان سەرچاوە . ل١٦٣ .

٢١–هەمان سەرچاوە.ل ١١٩

٢٢–ئا.ف میوللەر. تورکیا–گیروگرفتی نوێو هەرەنوێی مێژوو.مۆسکۆ/١٩٨٣ ل٢٣١بەزمانی رووسی .

٢٣–گیروگرفتەکانی مێژووی تورکیا . مۆسکۆ/١٩٧٨ ل ١٢٠ بەرووسی.

٢٤–هەمان سەرچاوە ل ١٢٧ .

٢٥–ئا.ف. میوللەر. کورتەیەك لەمێژووی تورکیا.مۆسکۆ/١٩٤٨ ل ١٩٤ بەزمانی رووسی .

٢٦–ئا.ف.میوللەر.تورکیا–گیروگرفتی نوێو هەرەنوێی مێژوو مۆسکۆ/١٩٨٣ ل٢٣٢ بەرووسی.

٢٧–گیرگرفتەکانی مێژووی تورکیا .مۆسکۆ/١٩٧٨ ل١٦٣ بەرووسی.

٢٨–بەپێی بەندی (١٠) ی رێککەوتننامەی برێست ـــ لیتۆڤسك (١٥–١٢–١٩١٧) لەشکری رووسیاو تورك دەبوو لەخاکی ئێران بچنە دەرێ . بەلام لە سالی ١٩١٨ دا زۆربەی نێوچەکانی رۆژهەلاتی کوردستان و ئازربایجان سەر لەنوێ لەلایەن لەشکری تورکەوە داگیر کرانەوە .

٢٩–م.س.لازەرێف . ((مەسەلەی کورد)) ١٨٩١–١٩١٧ مۆسکۆ/١٩٧٢ ل ٣٥٥ بەزمانی رووسی .

٣٠–ئا.ف.میوللەر. کورتەیەك لەمێژووی تورکیا .مۆسکۆ/١٩٤٨ ل١٩٢ .

٣١–هەمان سەرچاوە .ل١٩١

٣٢–جێگری سەرکردەی ((پارتی پێشکەوتوو خوازیکۆماری)) رەشید پاشا لەرۆژی ١٩٢٥/٢/٢٦ دا لەئەرزەرووم بۆرۆژنامەکانی راگەیاند کە : من باوەرم بەو تۆمەتانە نیە کە پشتیوانی دەرەوەیان لەپشت بێت (مەبەستی شۆرشی

شێخ سەعیدی پیرانە ک.ع) لەبەرئەوەی کنج و موش زۆر لە سنوورەوە دوورن . خۆ گەر راپەڕیوەکان اعتمادیان لەسەر یارمەتی دەرەوە بایا . ئەوادەبوو بەرەو سنوورەکان بکشێن و لەگەلّ هۆزەکانی ئەویّدا یەکبگرن چونکە لەویّ هیچ دەزگەیەکی بەڕێوبەرایەتی تورکی تێدا نییە .

م. ئە.حەسرەتیان . کوردستانی تورکیا لەنێوان دوو شەری جیهانی دا . ورگێڕان لە رووسییەوە بۆ عارەبی . د.سعدالدین ملا ،باقی نازیّ .بیرۆت - ١٩٧٨ ل١٢٣- ١٢٤

هەروەها بڕوانە :- جەمال نەبەز . کوردستان وشۆرشەکەی سوید ١٩٨٥ ل١٠٠ .

٣٣-ئا .ف. میوللەر . کورتەیەك لە مێژووی تورکیا . مۆسکۆ/ ١٩٤٨ ل١٩٣ .

٣٤-هەمان سەرچاوە . ل٣١٨ .

# سەرچاوەکان


١- ئێ.ئا.گێورگیان .کۆماری تورکیا. مۆسکۆ/١١٩٧٥ به رووسی.

٢- گیروگرفتی مێژووی تورکیا، ئامۆژگەی ڕۆژەلاتناسی- ئەکادێمیای زانستی سۆڤێت .مۆسکۆ/١٩٧٨ بەرووسی .

٣- ئا.ف.میوللەر.گیروگرفتی نوێ و هەرە نوێی مێژوو. مۆسکۆ/١٩٨٣ بەرووسی .

٤- م.س.لازەرێف.مەسەلەی کورد(١٨٩١-١٩١٧) مۆسکۆ/١٩٧٢ بەرووسی .

٥- ڕۆژنامەی "پراڤدا"ی ڕۆژی ١٩٦٨/١/١٥ به رووسی.

٦- ف.لینین.بزووتنەوەی نیشتیمانی ئازادیخوازانەی میللەتانی ڕۆژەلات .مۆسکۆ بەعارەبی .

٧- جەمال نەبەز.گۆڤاری کۆمۆنیستانەی یەکێتی تێکۆشین.١٩٤٤-١٩٤٥ .بلاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی بۆ زانست وهونەر . ستۆکهۆلم /٢٦٠٠ک/١٩٨٨ف .

٨- جەمال نەبەز.بیری نەتەوەی کوردی نەبیری،،قەومیەت،،ی ڕۆژهەلاتیو نەبیری ،،ناسیۆنالیزم،،ی ڕۆژئاوایییە.ستۆکهۆلم/٢٥٩٦ک/١٩٨٤ف.بنکەی چاپەمەنی ئازاد .

٩- کوردستان وشۆرشەکەی .جەمال نەبەز سوید/١٩٨٥ .

١٠- ئا.ف.میوللەر.کورتەیەکی مێژووی تورکیا.مۆسکۆ/١٩٤٨ بەرووسی .

١١- م.ئە.حەسرەتیان. کوردستانی تورکیا لە نێوان دووشەڕی جیهانیدا .بیرۆت/١٩٧٨ به عارەبی .

١٢- کوردۆ عەلی . سۆڤێت و بزووتنەوەی نیشتمانی کورد . سالسزبورگ ١٩٧٨ .

# الأتحاد السوفيتي وعلاقته بالقضية الكردية

د.كمال علي محمد

## الخلاصة

هذا البحث عبارة عن نبذة مختصرة من العنوان المشار اليه اعلاه في زمن حكم البلاشفة بقيادة لينين .

قبيل انتهاء الحرب العالمية الاولى كان الشعب الكردي يأمل في الخلاص من الأحتلال والتسلط العثماني والمستعمرة منذ مئاة السنين .

كانت معاهدة سايكس–بيكو–سازانوف أحد عوامل تفكك الدولة العثمانية وتحرر الأقوام الغير تركية .لكن بعد حدوث ثورة البلاشفة أنهارت الآمال الكردية في العيش السعيد والمستقبل المفصم بالحرية .

لم تكن علاقة الحكومة السوفيتية مع الشعوب المستعبدة في الشرق الأوسط ودعمهم ، متعاشية ومنسجمة مع أسس فكرهم الأنساني والدولي ، والذي كانوا أنفسهم يدافعون عنها ،بل كان العكس هو الصحيح ، أذ كانوا يتعاونون مع الأنظمة البرجوازية .

في هذا البحث تم التأكيد أكثر على أبراز موقف السياسي لحكومة لينين تجاه الشعب الكردي من خلال علاقاته في اطار التعاون مع حكومة مصطفى كمال وابرام المعاهدات مع نظامه .

# Soviet relation With Kurd's issue

**Dr.Kamal Ali**

## SUMMRY

This writing is a brief of the mentitoned titel during the period of Bolshavik's authority , which Led by Lenin. Befor the end of the first world war, Kurdish people optimistic with the fact that they could get their frecdom from the Osmanian capture ,which lasted for centuries .

Saikes-Piko-Sazanov agreement was the reason partition of the Osmanian state and Liberation of the other people.

But the hope of a Liberated Future of Kurd has been lost the incidencof Bolshavikian revolation .

Relation of Soviet government with the occupied eastern nations and supporting them in order to get their rights was not coordinated with the international principles which were defending of it, but the opposite was true it was cooperated borgua regime .

In this writing the political situation of Lenin government towards Kurd, are through those relations which are achieved with Mustafa Kamal government in the framewark of cooperattion's and signing agreemments.